# راپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە بە کۆنگرەی ١٢

(بەشی ٢)

### ٢) هەلومەرجی سیاسی ئێران

### ئەلف _ کۆماری ئیسلامی و پاوان کردنی هەنگاو بە هەنگاوی دەسەڵات لە لایەن سپای پاسدارانەوە.

هەڵبژاردنی ئەحمەدی نژاد بۆ سەرۆك کۆماری ریزبەستنێکی گرینگی نوێ بوو کە لە ناو دەزگای دەسەلاتی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی هاتە ئاراوە. هەڵبەتە گرینگیی ئەم روداوە تەنیا بە هۆی بوونی ئەحمەدی نژادەوە نییە بەڵکوو بە هۆی دەورونەقەشی شاراوەی سپای پاسداران لەم پەیوەندییەدایە. ئێستا ئاشکرا بوە کە سپای پاسداران بریاری دابوو کە بە هەر نرخێك بوە ناوی ئەحمەدی نەژاد لە سندووقەکانەوە دەربێنێ. بەشداری نەکردنی بەرینی خەڵك ئەم پلانەی بۆ سەهل تر کردنەوە.

ئەوەندەی کە پەیوەندیی بە ململانێی نێوان پاڵێوراوانی سەر بە باڵە جوراوجۆرەکانەوە بوو، رێکخراوی سپای پاسداران لە سەرتاسەری ئێران لە خزمەتی کۆکردنەوەی دەنگ بۆ ئەحمەدی نەژاد دابوو. لە کاتێکدا کە نەیارانی ئەو لە لانیکەمی هەر جۆرە رێکخراوێك بۆ ئەو مەبەستە بێبەری بوون. سەرباری ئەوانەش ئەگەر ژمارەی ئەو دەنگانەی کە چوونە ناوسەندووقەکان یان دەنگەکانی ئەحمەدی نەژاد، کەم بوون، ئەم راستییە بە هۆی خۆ پاراستنی بەشێکی بەرین لە خەڵك بوو کە دەنگیان نەدا. بە هەرحاڵ روون بۆوە کە سپای پاسداران بە هێنانە دەری یەکێك لە مۆرەکانی خۆی لە سندووقەکانی دەنگدان رەوتی حەرەکەتی خۆی بەرەو بە دەستەوە گرتنی دەسەلات خیراتر دەکات.

بۆ تێگەیشتن لە گرینگیی ئەم رووداوە پێویستە لەم پەیوەندییەدا بۆ رابردووی کۆماری ئیسلامی بگەرێینەوە.

لە رووی پێکهاتەی دەسەڵاتی رژیمی ئیسلامی چەند دەورەی کەم و زۆر جیاواز دەبینین: سەردەمی حوزوری خومەینی و شەڕی ئێران وعێراق، سەردەمی دوای شەڕ و ئاوەدان کردنەوەی وێرانیەکان ودەسەڵاتی رەفسەنجانی، سەردەمی چاکسازییەکانی حکوومەتی و هەڵبژاردنی خاتەمی. لە هیچکام لەم دەورانەدا باڵە جوراوجۆرەکانی دەسەڵاتدار نەیانتوانی خۆیان وەك

حیزبێکی سیاسی جێکەوتوو رێك بخەن و دەسەڵاتی خۆیان پشت ئەستور بە رێکخستنێکی حیزبی بکەن.

هەڵبەت حیزبی بێ بناغە وکارتۆنی پێکهاتن و لە ناو چوون، بەڵام دامەزراوی حیزبی جیدی لە ناوسیستمی بالای دەسەڵاتدارێتی ئێران دا پێك نەهات.

لە پالْ ئەوانەدا سپای پاسداران لە ئاکامی شەڕی ٨ساڵە دا پتەوتر و یەکگرتووتر ببوو. ئەم رێکخراوە هەر لە سەرتای پێکهاتنی‌یەوە وەك حیزبێکی سیاسی لە ژێر رێبەریی "دەفتەری سیاسی" و بە میکانیزمی حیزبی خۆی رێك خست. ئەم سوپایە لە ماوەی دوو دەیەی رابردوودا بەڕادەیەکی زۆر خۆی لە ململانێی نێوان باڵە سیاسی‌یەکان دوور راگرتبوو و بەردەوام بە جۆرێك دەهاتە بەر چاوکە لە ژێر کۆنترۆلی وەلایەتی فەقیە دایە. لەگەلْ شکستی ئیسلاح خوازانی حکوومەتی و پەرە گرتنی ناڕەزایەتی جەماوەری لە رژیم، بێ بایەخ بوونی رۆژ لەگەلْ رۆژ زیاتری دام و دەزگای رووحانیەت، نەتەنیا لە نێو خەڵکدا بەڵکوو لە ناو ریزەکانی لایەنگرانی رژیمیشدا، بوار بۆ هاتنە مەیدانی رێکخراوی حیزبی_نیزامی سپای پاسداران بۆ سەر گۆڕەپانی سیاسیی ئێران دەڕەخسا. هەر لە سەردەمی سەرۆك کۆماری خاتەمییەوە سەرەڕۆییەکانی سپا لە بەرانبەر دامو دەزگای ئیجرایی وتەنانەت یاسادانانیش دەستی پێکرد بوو. دەست تێوەردانەکانی سپا سەرجەم ناوەندەکان و لەوانە مەیدانی ئابووریشی دەگرتەوە.

هەڕەشەی فەرماندەکانی سپا لە رابردوودا رووبەرووی دژکردەوەی توندی چاپەمەنیە ناڕەسمی‌یەکان ولایەنگرانی پرۆژەی ئیسلاحات دەبۆوە و ترس لە پەرەگرتنی ناڕەزایەتیەکان لە زۆر بوار دا فەرماندەکانی سپای ناچار بە پاشە کشەی تاکتیکی کردبوو. پێشڕەوی بە خشکەیی و هەنگاو بە هەنگاوی بەرنامە بو داندرا و پێویست بوو بو ئەوەی گواستنەوەی دەسەلات لە دامو دەزگای سیاسی بۆ رێکخراوەی سیاسی _ نیزامی سپای پاسداران بە هێمنی و بە بێ تێکهەڵچون و توند و تیژی بەڕێوە بچێ. هێنانە رووی ئەحمەدی نەژاد کە خۆی پێشتر یەکێك لە فەرماندەکانی سپا بوو، وە لەم سالانەی دواتریش دا پەیوەندیی نزیکی خۆی هەر وا لەگەلْ سپا پاراستبوو، بەشێك لە گەلالەی سپای پاسداران بوو بە مەبەستی ئەوەی کە کاریگەرتر و راستەوخۆ لەئاستی سیاسی ئێران رۆڵی هەبێ. پرۆژەی ئەم کودەتا خشکەیی‌یە هێشتا تەواو نەبووە، چونکە فەرماندەکانی سپا لە دژواری و ئالۆزیی هەلومەرجەکە تێدەگەن و نایانهەوێ بێ بوار لە ئاوبدەن. سەرباری هەمووی ئەوانە هەولْ دەدەن گیروگرفتێك کە رژیم رووبەرووی بۆتەوە بە پشتیوانی ئەم پێکهاتەیە و ئەم سلسلە مەراتبەی ئیستا چارەسەر بکەن و یان بەلانی کەمی بگەیەنن بۆ ئەوەی ئەگەریش لەم بوارانەدا سەرکەوتنێکیش بە دەست نەهات، توانایی و زەرفیەتەکانی خۆیان بۆ داهاتوو پاراستبێ.

ئەوەی کە لە رووی عەینی‌یەوە هەست پێدەکرێ ئەم راستی‌یەیە کە ئالقەی بە دەستەوەگرتنی دەسەلاتی سیاسی سپای پاسداران رۆژ بە رۆژ پتەوتر دەبێ. کاری دەوڵەتی ئەحمەدی نەژاد ئەوەیەکە: مۆرەکانی سپا لە سەرجەم ئۆرگانە ئیداری و دیپلۆماسی و نیزامی‌یەکان دابمەزرێنێ، رێگا بۆ دەست راگەیشتنی سپا بە سەرچاوە زۆر وزەبەندەکانی مالی و پرۆژە گەورەکان خۆش بکات، بە گەورەکردنەوەی گیروگرفتە دەرەکیەکان بزووتنەوە جەماوەریی‌یەکان لە ناوخۆدا

کۆنترۆڵ بکات، هەوڵ بدات کە لەم ململانێیەدا پشتیوانی خامەنەیی رابکێشێ ویان لانیکەم بێ لایەن بیهێڵێتەوە.

## ب: هەلومەرجی ئابووری

پێشتر ئاماژەمان پێکرد کە هەڵبژاردنی ئەحمەدی نەژاد بە جێگای ئیسلاح خوازانی حکوومەتی ئال وگۆڕێکی لەرەوتە سەرەکی‌یەکانی کۆمەڵگای ئێران پێک نەهێناو تەنیا کۆمەڵێک کەند و کۆسپی بۆ دروست کرد. پێویستیی سەرەکی چینی سەرمایەداری ئێران ئاویتە کردنی ئابووریی ئێران لەگەڵ ئابووریی جیهانیە و سیاسەتی دەرەوەی ئەحمەدی نەژاد تەنیا چەند کەند وکۆسپێکی کاتی لەسەر رێگای وەڵام دانەوە بەم نیازەی خوڵقاندوە و گۆرانکاریەکی جیدی لە رەوتی سەرەکی دا پێك نەهێناوە. بۆ وێنە ئەگەر یاسای بنەڕەتیی ئێران ئیختیارێکی زۆری لە بواری ئابوری داوە بە دەوڵەتی ئەحمەدی نەژاد و ئەم سیاسەتە لەگەڵ پێوانەکانی رێکخراوی بازرگانی جیهانی نایەتەوە، بەڵام هەر لەم دەورەیەی دەسەڵاتی ئەحمەدی نەژاد، شورای بەرزی ئابووری گەلێك شیکاریی لە یاسای سەرەکی دا بە دەوڵەت راگەیاندوە کە بە پێی ئەوە ئیختیاراتی دەوڵەت بە تەواوی بە تەرسك بۆتەوە. شورای بەرزی ئابوری پەسندی ئەکات کە دوڵەت تەنیا لە دوو بەشی نەوت و پوڵدا ماف سەرمایەدانانی تازەی هەیە. بەم پێیە دەتوانین بڵێین کە ئەگەر تەنیا لە بواری حقووقی‌یەوە سەیری مەسەلەکە بکەین ئێران بە بەراورد لەگەڵ سەرجەم وڵاتانی جیهان، گونجاوترین یاسای هەیە بۆ ئەندامەتی لە رێکخراوی بازرگانیی جیهانی‌دا.

بەوتەی کارناسانی بواری ئابوری: شادەماری ئابوریی ئێران لە سیاسەتەکانی ئابوریی ئەحمەدی نەژاددا نیە بەڵکو لە بەرهەم و نرخی نەوت دایە. نرخی نەوت بە بۆشکەی ٦٠ دۆلار رۆڵێکی چارەنووس سازی لە دیاریکردنی مەسیری ئابوریی سەرمایەداریی ئێران دا دەگێرێ، چوونە سەری بەرچاوی نرخی نەوت دەبێتە هۆی چوونەسەری هاوردەکان و هێنانی کالای دەرەکی جێگای بەرهەمی نێو خۆیی دەگرێتەوە. بەڵام هاوردەکان جێگای کام بەش لە بەرهەمە نێو خۆیی‌یەکان دەگرێتەوە؟ وەڵامەکەی روونە، بەرهەمێك کە نرخەکەی لە بازاڕی جیهان دا بە بەراورد لەگەڵ بازاڕی ئێران هەرزانترە، کە وابوو بە شێوەیەکی حاشا هەڵنەگر ئەم چوونەسەری نرخی نەوتە، خستنە پەراویزەوەی بەرهەم هێنەرانی ناوخۆی لێدەکەوێتەوە کە لەگەڵ یاساکانی رێکخراوی بازرگانی جیهانی گونجاونین. پوختەی کەلام ئەوەی کە نەوت هەر بۆشکەی ٦٠ دۆلار لە پرۆسەیەکی سروشتی، ئابوری ئێرانی بە بازاری جیهانی سەرمایەداری‌یەوە دەبەستێتەوە، هەر چەند ئەحمەدی‌نەژاد لەسەروی بەرێوەبەری وڵات دابێ یان نەبێ.

لە لایەکی ترەوە لە پێناوی گونجاندنی ئابوریی ئێران لەگەڵ یاسای بازرگانیی جیهانی دەبێ هاوسەنگی دەوڵەت لەئابوری دا کەم بێتەوە. کەم بوونەوەی لەسەدا ١٥ی توانای کڕینی شیرکەتە دەوڵەتییەکان لە ساڵی ١٣٨٥ هەنگاوێکی تری ئەم ستراتژی‌یە بوە.

خاڵی جێگای سەرنج ئەوەیە کە دەوترێ رەوتی خسووسی کردنەوە لە ئێران هەتا رادەیەك راگیراوە.

ئەم ئیدیعایە تارادەیەك راستی‌یەکی لە خۆ گرتووە بەڵام لە راستیدا لە سەدا ٩٠ی شیرکەتە دەوڵەتی‌یەکان بەرەبەرە خۆیان بەرەو لەبەریەك هەڵوەشان دەرۆن، واتە خسووسی سازی لە ئێراندا رانەوەستاوە، بەڵام مکانیزمەکانی گۆڕانکارییان بەسەرداهاتوە.

## ج_ قەیرانی ئەتۆمیی و ستراتیژی مانەوەی ڕژیمی ئیسلامی

پەروەندەی ئەتۆمیی کۆماری ئیسلامی ڕەوانەی ئەنجومەنی ئاسایش کراوە. بەڵام سات وسەودا سەبارەت بەم پەروەندەیە لە ئارادایە، ئامریکا لە هەوڵدایە بەڕادەیەکی زۆر دژایەتیەکانی روسیە و چین بۆ پیش گرتن لە سەپاندنی زەخت و زۆر بە سەرکۆماری ئیسلامی دا، بەرپەرچ بداتەوە. دەوڵەتە ئوروپاییەکان و ئامریکا لەوەی کە کۆماری ئیسلامی ئێران نابێ خاوەنی چەکی ناوکی بێ، هاودەنگن، ڕژیمی ئێران بەردەوام سیاسەتی تەفرەدان و وەدەست هێنانی کاتی زۆرتر پەیڕەو دەکات. بە هەموو ئەوانەشەوە، نیشانەکان وا دەگەیەنن کە ئەگەر ڕژیمی ئێران لە کاتی گەڵاڵەی یەکجارەکی ئەو مەسەلەیە لە ئەنجومەنی ئاسایش دا نەرم و نیانیی پێویست لە خۆی نیشان نەدات، بڕیار نامەیەك سەبارەت بە گەمارۆکانی ئابووری یان دیپلۆماتیك،یان هەر دوو لایەن لەم قوناغەدا لە دژی ئێران بەڕێوە دەچێ.

ئەوەی کە ئاشکرایە دوو لایەنی سەرەکی ئەم مەسەلەیە واتە دەوڵەتی ئامریکا و کۆماری ئیسلامی هەر کامەیان لە ئامڕازی تایبەتی خۆی لە دژی یەکتر لەم سات وسەودایەدا کەڵك وەردەگرن، کۆماری ئیسلامی بە پێوانەی ئەوەی کە بەسەر یەکێك لە وڵاتانی پڕ حەشیمەت و گرینگ لە بواری ئابوری و سیاسی و نیزامییەوە لەناوچەکە دەسەڵاتداری دەکات و هەم بە پێوانەی ئەوەی کە توانای کوسپ خستنە سەر ڕێگای بەرژەوەندییەکانی ئامریکای لە ناوچەکەدا هەیە، وەك هێزیکی ناوچەیی خوازیاری وەرگرتنی ئیمتیازاتێکە کە مانەوەی ڕژیم وەك حکومەتیکی سەقامگرتوو و بەشدار لە سیاسەتە ناوچەییەکاندا تەزمین بکات. دەوڵەتی ئامریکاش کە هەوڵ دەدات لە پەیوەند لەگەڵ کێشمەکێشەکانی ئەم ناوچەیە قسەی یەکەم بکات و خوازیاری پەرە پێدان و پتەوکردنی پێگەی سیاسی، ئابوری و نیزامی خۆیەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە زەخت هێنان بۆ سەر ڕژیمی ئێران لە توانایییەکی زۆر بەهرەمەندە. هەر بۆیە هەردوو لایەنی ئەم ململانێیە ئەوەندەی کە بۆاری هەبێ بۆ وەدەست هێنانی ئیمتیازاتێکی زۆرتر درێژەی پێدەدەن. بۆ دەوڵەتی ئامریکا گرینگ ئەوەیە کە ڕژیمی ئێران لە نەیارێکی توندوتیژەوە ببێتە هاوکارێکی کاریگەر لە ناوچەکە، ئیستا ئەم ئامانجەی ئامریکا گۆڕانی ئەم ڕژیمەی لێ بکەویتەوە یان گۆڕانکاری لە کردەوەی ئەودا بەدی بێ، بە سەرنج دان بەوەی کە وترا لە پەیوەند لەگەڵ قەیرانی ئەتۆمیی ئێران، دەبێ وەڵام بە دوو پرسیاری سەرەکی بدرێتەوە:

### _ ململانێی واقعیی لە سەر چیە؟ و ئەم کێشمەکێشە بەرەو کوێ ئەچێت؟

ئەم پەروەندەیە وەك زۆربەی کێشمەکێشە ناوچەییەکانی تر لە هەمانکاتدا ئامرازی ململانێ و رکەبەرایەتی دیپلۆماتیك و سیاسی دەسەڵاتە گەورەکان لە دژی یەکتریشە. کۆماری ئیسلامی بە هەڵسەنگاندنی ناکۆکی و کەلێن و کەلەبەرەکانی نێوان بەرژەوەندی ئەم دەسەڵاتانە و مانۆڕدان لە مابەینیان دا، تێدەکۆشێ سات وکاتی گونجاو بۆ بردنە پێشی گەڵاڵەکانی خۆی دەستەبەر بکات. بەڵام هەتا ئەو جێیەی کە بە دوولایەنی ئامریکا و ڕژیمی ئیسلامی هەڵدەگەڕێتەوە، بۆ ناسینی ناوەرۆکی قەیرانی ئەتومیی نێوان کۆماری ئیسلامی وئامریکا ولێکدانەوەی ڕەوتی داهاتووی ئەو دەبێ لە ئاستی شی کردنەوەی دیپلوماسیانە و یان ژۆرنالیستییانە تێپەڕ ببێ. هەروەها مەسەلەکە لە چوارچێوەی پێوانە حقوقییەکان و پەیوەندییە نێو نەتەوەییەکانیش دابۆ شی کردنەوە نابێ، چونکە دەوڵەتی ئامریکا خۆی بەڕادەی چەندین جار کاول کردنی گۆی زەوی

خاوەنی چەکی ئەتۆمی‌یە و دەسەڵاتە ئەتۆمی‌یە دژی دێمۆکراتیکەکانی وەك پاکستان و ئیسرائیلی لە ژێر سێبەری خۆیدا پەروەردە کردوە، هەر بۆیە ئیدیعاکانی لە هەر جۆرە مەشرووعیەتێك بێبەرین، هەروەها کۆماری ئیسلامی کە بە هیچ رادەیەك نوێنەرایەتی بەرژەوەندی‌یەکانی خەڵکی ئێران ناکات، مەشرووعیەتی ئەوەی نیە کە ئەم وڵاتە بەرەو قەیرانێکی ئەوتۆ بەرێ. کۆماری ئیسلامی کە خاوەنی چەکی ئەتۆمی‌یە هیچ پەیوەندی‌یەکی بە قازانجی خەڵکی ئێرانەوە نییە وکەڵك وەرگرتن لە وزەی ئەتۆمیش لە هەلومەرجی سیاسی وئابووری ئیستای ئێراندا وەك ئەولەوییەت حیسابی بۆ ناکرێ. هەر بۆیە دەبێ ئامانجی ستراتیژیك و سیاسەتە ناوچەی‌یەکانی دوولایەنی کێشمەکێشەکە لە دەرەوەی ئیدیعاکانی دوولایەن دا بدۆزرێتەوە.

دەوڵەتی ئامریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەوڵ دەدات، نەزمی ئیمپریالیستییەکەی خۆی ، دابمەزرێنێ. ئامانجی ئامریکا لە زاڵ بوونی تەواو بەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تەنیا رام کردنی دەسەڵاتە سەرەڕۆکانی ناوچەیی نییە، بەڵکوو هەوڵ دەدات بەزاڵ بوون بە سەرئەم ناوچەیەدا کە لەسەدا ٦٢ی پاشەکەوتی نەوتی جیهانی لە خۆ گرتوە یەکێك لە گرینگترین سەرچاوەکانی دابین بوونی وزەی ئورووپا، چین و ژاپونیشی لە ژێردەست دابێ ولەم رێگایەوە بۆ بەگژداچوونەوەی پەرەگرتنی نفوزی نەیارانی جیهانی خۆی لە بارودۆخێکی لە بارتردا قەرار بگرێ.

گەڵاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەی ئامریکا کە ئێرانیش دەگرێتە خۆ، هیچ شتێك نییە بێجگە لە تێکەڵ بوونی زیاتر لەگەڵ ئابووری رۆژهەڵات لە سیستمی لیبرالیزمی نوێی ئابوری جیهانی بە پێی گەڵاڵە و ئولگوی ئامریکا. دەوڵەتی ئامریکا بۆ بردنە پێشی گەڵاڵەکانی پێویستی بە بەرپەرچدانەوەی دەسەڵاتە سەرەڕۆکانی ناوچەیی و یان هاوکاری کردنیان لەگەڵ خۆی هەیە ولە راستای ئەم ستراتێژی‌یەدا داوا لە کۆماری ئیسلامی دەکات کە چالاکی‌یەکانی پەیوەندی‌دار بە پیتاندنی ئۆرانیوم رابگرێ، بەراگرتنی پشتیوانی لە حەماس و حیزبوڵای لوبنان لە کارشکێنی‌یەکانی سەبارەت بە پرۆسەی ئاشتی فەلەستین وئیسرائیل دەست هەڵبگرێ، و لە عێراقیشدا هاو ئاهەنگ تر لە هەمیشە هاوکاری لەگەڵ ئامریکا بکات.

لە لایەکی ترەوە کۆماری ئیسلامی هەر چەند لەگەڵ لەشکرکێشی ئامریکا بۆ سەر ناوچەکە لە کێشەی حکومەتی تالیبان لە ئەفغانستان و رژیمی سەدام لە عێراق رزگاری بوو، بەڵام لە لایەکی‌ترەوە خۆی لە گەمارۆی دەسەڵاتەکانی وەك روسیە، هیند، پاکستان، ئیسرائیل و بنکەکانی ناتۆ لە تورکیە دەبینێ کە هەموویان خاوەنی چەکی ناوکین و دامەزراندنی نزیکەی ٢٠٠ هەزار سەربازی ئامریکایی و هیزی هاوپەیمانان لە عێراق، ئەفغانستان و کەنداو ئاڵقەی گەمارۆکەیان بەرتەسك تر کردۆتەوە. ئامریکا لە وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاستیشدا پێگەی نیزامی هەیە، سەرباری ئەوانەش ٥ کەشتی شەڕکەر لە ئاوەکانی ناوچەکەدا تەیاربە پێشکەوتووترین چەك و چوڵن، حزووری ئامریکا لە ناوچەکەدا چڕوپڕتر دەکەن.

لە ناو جەرگەی ئەم هەلومەرجەدا رژیمی کۆماری ئیسلامی کە سەردەمێك لە رابوردوودا بە مەبەستی درێژەی مانەوەی خۆی تەنانەت لە بەرانبەر بە هێرشی دەرەکی و وەرگرتنی بەشی خۆی لە ململانێ ناوچەیی‌یەکاندا، لە بنەڕەتدا پشتی بە تەوەهوومی جەماوەری خەڵك و پشتیوانیی بزووتنەوەی ئێرتجاعی ئیسلامی لە ناوچەکە ئەستوربوو، ئەمڕۆکانە کە لە کەش و هەوایەکی پڕ لە

بێزاری و توڕەیی گشتی درێژە بە دەسەڵاتی خۆی دەدات، لە پێناو مانەوەی خۆی و بوون بە دەسەڵاتێکی گەورەتری ناوچەیی پەنا بۆ بەرهەم هێنانی چەکی ئەتۆمیش دەبات. کۆماری ئیسلامی هەوڵدەدات نەتەنیا لە عێراق بەڵکو لە کێشمەکێشەکانی سەبارەت بە چارەنووسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك لایەنێکی سات و سەودا حیسابی بۆ بکرێتەوە و وەك دەسەڵاتی زاڵی ناوچەکە بەرەسمی بناسرێ. شکست و ناکامی‌یەکانی ئامریکا لە عێراق، بە دەسەڵات گەیشتنی حەماس لە فەلەستین ودرێژەی حزووری حیزبوولّلا لە لوبنان، کۆماری ئیسلامی‌یان لە درێژەدان و گرتنەبەری ئەم ستراتیژی‌یە سوورتر کردوە. دووپات کردنەوەی دروشمی دژی ئیسرائیل و دژی یەهوودی‌یانەی ئەحمەدی نەژاد لەم نیوەندەدا تەنیا دەتوانێ لە راستای ئەم ستراتیژی و بۆ راکێشانی پشتیوانی بزووتنەوە ئیسلامی‌یەکانی ناوچەکە و بیروڕای گشتی لە وڵاتانی عەرەب نشین و نیشان دانی دەسەڵات لە بەرانبەر غەرب دا لێك بدرێتەوە.

بەڵام هیچ ناکۆکی‌یەکی لە ئاشتی نەهاتووی نێوان ئەم دووستراتیژە لە بەرانبەریەکتر دا بەدی ناکرێ. نە ستراتیژی ئامریکا پەیوەندی بە دامەزرانی دێموکراسی لە ناوچەکە داهەیە و نە ئامانجی کۆماری ئیسلامی بە هیچ رادەیەك نوێنەرایەتی بەرژەوەندی خەڵکی ئێران ناکات، ئەم ستراتیژانە هیچ پەیوەندی‌یەکیان بە بەرژەوندی خەڵکی ئێران و وڵاتانی ناوچەکەو خەڵکی ئامریکاوە نیە. سەرەڕای سەرجەمی کێشمەکێشەکان ئێستاکەش ئەگەری ئەوەی کە ئەم دوو ستراتیژی‌یە بە شێوەیەکی هێمنانە بەرەو پیش بڕۆن، لە ئارادایە.

کردەوەی کۆماری ئیسلامی لەئەفغانستان وعێراق ئەوە نیشان دەدات کە رژیمی کۆماری ئیسلامی بە باشی دەزانێ کە بوونی بە دەسەڵاتێکی زاڵی ناوچەیی تەنیا لە هاوئاهەنگی لەگەڵ ستراتیژی ئامریکا دێتە دی. هەر بۆیە کێشمەکیشی ئامریکا و کۆماری ئیسلامی هەتا کاتیك کە هەر دوولایەن، هەڵسەنگاندنێکی دروستیان لە ئاستی هیز و ئیمکاناتی خۆیان و بەرانبەرەکەیان بەدەست دێنن، درێژەی دبێ و ئەوکاتە سەردەمی سازان و گونجان دێت.

بە پێی ئەزموونەکانی ئەفغانستان و عێراقیش ئامریکا نیشان دەدات کەدەتوانێ بەرژەوەندی خۆی لە هاوکاری وهاوئاهەنگی لەگەڵ جەریاناتی ئیسلامی لە ناوچەکەدا بەرەو پێش ببات. ئامریکا لە ئەفغانستان وعێراق دوو حکومەتی ئیرتجاعی ئیسلامی کە خاوەنی قانوونی ئەساسی لە چەشنی کۆماری ئیسلامین هێناویەتییە سەرکار و بەڵێنی‌یەکانی سەبارەت بە دروشمی دێموکراسی خوازانە هەمووی بێ ناوەرۆك دەرچوون.

دەوڵەتە ئورووپایی‌یەکان لەم قەیرانەدا سەبارەت بە دژایەتیەکانی ناوخۆی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی سەرمایە گوزاریان کردوە و هەر لەم رووەوە توندتر بوونەوەی فشار بۆ سەر دەوڵەتی ئەحمەدی نەژاد و تەنانەت کەڵك وەرگرتن لە ئامڕازی گەمارۆی ئابووریش لەم پەیوەندی‌یەدا بەباش لێك دەدەنەوە. ئامڕازیك کە لە عێراق نیو میلیۆن منالی بەرەو هەڵدیرگەی نەمان برد و ئەگەر رووبە ئیرانیش کەڵکی لێ وەربگیرێ، بەر لە هەمووکەس خەسارەتەکەی بۆ خەڵکی ستەم لێکراوی ئێرانە و منالان و توێژە بن دەستەکانی کۆمەڵگا دەبن بە قوربانی.

هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان کۆماری ئیسلامی وئامریکا و دووپات بوونەوەی سیناریۆی عێراق (کە ئەگەری روودانی کەمە) بە دەیان قات ترسناکتر و زیاتر لەوەی کە ئەمڕۆ لە عێراق لە ئارادایە، کارەساتی لێدەکەوێتەوە.

لە حاڵەتێکدا کە زەخت و زۆری ئامریکا بەو جۆرەی کە ئێستا هەیە، درێژەی هەبێ، دیسانیش لەتمە لە خەڵك و بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی ئەوان دەدات، چونکە رەوتی خۆ ریکخستنەکانی بزووتنەوە کۆمەلایەتیەکان دەخاتە دواوە و جەماوەری خەڵك لە حالەتی بێدەنگی و چاوەڕوانیدا رادەگرێ، بەتایبەت ئەوەی کە بەشێك لە جەریاناتی ناو ئۆپۆزیسیۆنی بورژوایی کە بۆ گەیشتن بە دەسەلات، هیوایان بە دەست تێوەردانی ئامریکا وسات و سەودا لەسەرەوە هەیە، بە پەرەپێدان بە خۆشباوەڕی بە سەرکەوتنێکی ئاسان لە ژێر سێبەری دەسەلاتی ئامریکادا، هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی خەڵك لە چاوەڕوانیدا رابگرن و پاشەکشە بە خەباتی ئەوان بکەن، لەم رووەوە ئێمە دژی هەر جۆرە دەست تێوەردانێکی ئامریکا و سەرجەم دەسەلاتە غەربی‌یەکان لە ئێران داین و لەسەر ئەو باوەڕەین کە تەنیا بە هەولدان بۆ پەرە پێدان و توندتر کردنەوەی خەباتی خەڵکی ئێران لە پێناو رووخاندنی کۆماری ئیسلامی و هەولی هەرچی زیاتر بۆ بەهیز کردنی رەوتی خۆ رێکخستن و رێکخراوبوونی بزووتنەوەی کرێکاران و سەرجەم بزووتنەوە کۆمەلایەتیەکانە کە دەتوانین رێگە لەوە بگرین کە رژیمی ئیسلامی بەم سەرەڕۆییانەی کۆمەڵگای ئێران بەرەو هەڵدێرگە ببات.

دەبێ ئاکام و ئاسەواری نالەباری زیانەکانی ستراتیژی و سیاسەتی حیزب و هێزە بورژوا ناسیۆنالیستەکانی کوردستان کە چاویان بڕیوەتە هێرشی ئامریکا و دووپات بوونەوەی سیناریۆی زیانباری عێراق و هەتا ئیستاکەش زیانیان بە ئیعتباری بزووتنەوەی کوردستان گەیاندوە هەرچی زیاتر بۆ خەڵك روون بکەینەوە.

ئێمە بە نۆرەی خۆمان هەوڵ دەدەین کە کرێکاران و خەڵکی ئازادیخواز لە کوردستان و سەرتاسەری ئێران بە ئاگادار بوون لە ناوەرۆکی راستەقینەی سیاسەتە ئیمپریالیستی‌یەکانی ئامریکا و پەرەگرتنی خەبات لە دژی رژیمی کۆماری ئیسلامی، جێگاو شوێنی شیاوی خۆی لە ناو ریزی میلیۆنی جەماوەری عەدالەتخواز و خەباتی جیهانی لە دژی شەڕ و میلیتاریزمی ئیمپریالیستی بدۆزێتەوە.

### ٣) ئۆپۆزیسیۆنی رژیمی کۆماری ئیسلامی

بەرەیەکی گەورە لە نەیاران کە هەڵگری مەیلی سیاسی و چینایەتی جۆراوجۆرن لە دژی رژیمی کۆماری ئیسلامی ریزیان بەستوە. ئەم بەرەیە لە ئۆپۆزیسۆنی یاسایی رژیم (کە لە پەراوێزی دامودەزگای دەسەلاتدا درێژە بە مانەوەی خۆی دەدا و هەولدەدات لە رێگای چاکسازی‌یەوە مەترسی شۆڕشێك لە سەر رژیم دوور خاتەوە) کۆڕوکۆمەلی جۆراوجۆری تەبعیدیش لە خۆ دەگرێ. بەلام لە تێڕوانینێکی گشتیدا دوو رەوتی سەرەکی لە ئۆپۆزیسیون دا دەبیندرێن کە هەر رێکخراوەیەکیش سەرەنجام خۆی لە ناو جەرگەی یەك لەو دوو رەوتەدا دەدۆزێتەوە. ئەوەی ئێستا دەبیندرێ ریزبەستنی یەکجاری نیە. لەگەڵ قووڵ بونەوەی قەیرانی سیاسی یان بەسەرهەڵدانی هەلومەرجی شۆڕشگێڕانە لە ئێران، سنورە حیزبی‌یەکانی ئەو دوو رەوتەش ئاشکراتر دەبن. ئەم دوو رەوتە هەرکامەیان پێگەی کۆمەلایەتی خۆیان هەیە و وەك ئالترناتیوی واقیعی لە داهاتووی سیاسی ئێراندا خۆیان دەردەخەن.

### ئەلف: بۆچوونی لیبرالی

کۆمەڵگای ئێران لە بەردەم قەیرانێکی سیاسی و ئابووری قوڵ دایە. بورژوازی ئێران بۆ رووبەروو بوونەوە لەگەڵ ئەم قەیرانە ریزی یەکگرتوو و پلاتفۆرمێکی سیاسی روونی نیە. بەشێك

لەم بورژوازی‌یە هاتنەدی بەرژەوەندی‌یەکانی خۆی هەرلە چوارچیوەی ئەو رژیمە دا دەبینیٚ، رژیمی ئیسلامی دەخاتە ژیر گوشارەوە بۆ ئەوەی بواری بۆ بەشداری چالاکانەتر لە بڕیاردانی سیاسی ئێران دا بۆ بڕەخسیٚ. نوێنەرانی ئەم بەرەیە، بەشێك لە ریفۆرم خوازەکانی حکومەتین کە لە ناو دامودەزگای بەڕێوە بەری وئیداری رژیمدا ماونەتەوە و بەشێکی‌تریش ئەوانەن کە پاش شکستی بەرەی ناسراو بە "دووی خورداد" لە مەجلیس و ئورگانە جۆراوجۆرەکانی رژیم دوور خرانەوە. هەولٚ و تەقالای ئەوان لە چوارچێوەی رژیمی ئیسلامی بەلاٚم لە دەرەوەی دەسەلاٚت درێژەی هەیە و وەك ئۆپۆزیسیۆنی فەرمی و یاسایی درێژە بە مانەوەی سیاسی خۆیان دەدەن.

بەشێکی تری بورژوازی لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆنێکدا کە بەرانبەر بە چاکسازی رژیمی ئیسلامی هیوابڕاو بوە و خوازیاری نەمانی رژیمی ئیسلامیە لە رێگای شۆڕشێکی "مەخمەلٚی" و یان لە رێگای داگیرکاری نیزامییانەی ئێران بە هۆی ئامریکاوە.

ئاشکرایە کە ئامانجی هاوبەشی سەرجەم ئەو لایەنانە لە ناورۆکی خۆیدا بێجگە لە هێنانە دەری نیزامی سەرمایەداری ئێران لەم قەیرانە و لابردنی کەندوکۆسپەکانی سەرریگای گەشە و پەرەگرتنی ئابوری سەرمایەداری ئێران نیە.

بەرەی لیبڕالٚی ئێران سەرەڕای پرژ و بلاٚوی ریزەکانی ئیستایان چ لە ناولایەنی ئۆپۆزیسیۆنی یاسایی و چ لە هەلومەرجی ئۆپۆزیسیۆنێك کە لە تەبعیددایە خۆیان بە جیٚ نشینی سروشتی رژیمی قەیران لێدراوی ئێران دەزانن. ئەم مەیلە لە چەپترین رووخساری خۆشی دا، بۆ داهاتووی خەلٚکی ئێران نە ئاسایش و ئارامی ماددی بە دیاری دێنیٚ و نە تەنانەت سەبارەت بە بڕوایان بە دێموکراسی کە لە گەلاٚلەکانیان دا لە سەری پێداگری دەکەن، روو راستن. ئەوانە نە لیبڕالٚە کلاسیکەکانی بۆرژوایی چەند سەدەی رابردوون کە ئالاٚ هەلٚگری دێموکراسیی سەردەمی خۆیان بوون بەلٚکوو پاشکۆی نێئۆلیبرالیزیمی جیهانی سەردەمی ئێمەن وبەکردەوەش هەر پەیڕەوی لەم رەوتە دەکەن. لە فەرهەنگی سیاسی ئەوان دا کاتیك باس لە چاکسازی دەکریٚ بە هیچ جۆرێك مەبەستیان باشتر کردنی هەلومەرجی ژیانی خەلٚکی تەنگدەست و کرێکار و زەحمەتکێش نییە. بەلٚکوو چاکسازی ئابوری لەروانگەی ئەوانەوە نەهێشتنی کەندو کۆسپەکانە بەمەبەستی وەدەست هێنانی سودێکی زۆرتری سەرمایە و کاتێکیش باس لە دێموکراسی دەکریٚ، مەبەستیان لەئازادی هەلٚسوڕانی سەرمایەیە و یان بە شوێن دۆزینەوەی رێگایەکن کە پەل و پۆ بکوتنە ناو بزووتنە کۆمەلاٚیەتیەکان و لە ناوخۆیانەوە کۆنترۆلٚیان بکەن.

ئەگەر گریمان ئەوەبیٚ کە پرۆژەکانی نویٚ کردنەوەی ئابووری سەرمایەداری ئێران بەو جۆرەکە بەتایبەت بەرەی لیبڕالٚی خوازانی دەرەوەی رژیم لەگەلٚ ئیسلاح خوازانی ناوەوە و دەرەوەی رژیم بەکردەوە دەربیٚ و وەدی بیٚ، بۆ کرێکاران وخەلٚکی زەحمەتکێش، بێجگە لە کاری تاقەت پروکێن کەتەنیا بژیوی ژیان و داهاتی ئەوانە شتێکی تر لە خۆی ناگرێت؟

کرێکارانی ئێران بە ئەزموون بۆیان دەرکەوتوە کە تەنانەت لە ئەوپەڕی باشتر بوونی ئابووری ئەم ولاٚتەش دا، بەشی ئەوان لە سامان وداهاتی ئەودا بێجگە لە ژیانێکی مەمرەو مەژی هیچ شتێکی تر نەبوە.

بوژانـەوە و سـەرلە نوێ بونیـاد نانـەوەی پێکهاتـەی ئـابووری قـەیران لێـدراوی ئێـران لـە باشـترین حاڵەتدا بۆ کرێکاران دەتوانێ ماناکەی کەم بوونەوەی رادەی بێکاری بێ، واتـە بەشـی کرێکـاران لـە سەرکەوتنی سەرجەم گەلاڵەی لیبراڵی بێجگە لە چەوسانەوەی زیاتر هیچ مافێکی تری تێدا نییە.

ئەزموونی ئیسلاحات لە بوارەکانی ئابووریدا لـە وڵاتـانی وەك برزیـل، ئـارژانتین، میسـر و.... بـۆ کرێکارانی ئێرانیش زۆر دەرسی بەکەڵکی تێدایە. بەشی کرێکارانی ئەم وڵاتانە لەو پەڕی رەونەقی ئابووری‌یە کەیانـدان، تـەنیا ژیـان لـە حەلـەبی ئاواکـان و بێبـەش بـوون لـە پێداویسـتی‌یەکانی ژیـان بوە. هەڵبـەت لـە بـواری سیاسیشـەوە ئـەو دێموکراسـییەی کـە لـەم چاکسـازییەی نیئۆلیبراڵی‌یـەوە وەردەگیرێ، و دێموکراسـی‌یەکەی ئـەو وڵاتانـە والاتـر نیـە و لـە لێبڕاوانـەترین شـکڵی خۆیـدا تـەنیا هـەتا ئـەو جێگایـە بـەردەوام دەبـێ کـە کرێکـاران و خـەڵکی بێبـەش بـۆ گـۆڕانـدنی ئـەم هەلومەرجـە دژوارە، نە هاتبنە گۆڕەپانی خەباتی رادیکاڵەوە.

## ب: رەوتی چەپ

بزووتنـــەوەی چـــەپی ئێـــران هێزێکـــی بـــەرینی کۆمەڵایـــەتی هەیـــە. رێکخـــراو و هیـــزە چـــەپ و رادیکاڵەکانی ئێران بەشیك لە ئۆپۆزیسیۆنی چەپ پێك دێنن. ئـەم هێزانـە هـەر چـەند بـەم پێوانەیـە کە خوازیاری شۆڕش و پشتیوانی لـە شـێوازو رێبـازی شۆڕشـگێڕانە بـە مەبەسـتی رووخـانی رژێـم دەکەن، هێزی شۆڕشگێڕن و لە بەرەی چەپی کۆمـەڵگا و شۆڕشـدابۆ هەڵسـەنگاندن دەبـن. بـەڵام بـە هـۆی زاڵ نـەبوونی سـتراتیژێکی سوسیالیسـتی و کرێکـاری بـە سەرسیاسـەت و کـردەوەی ئـەم هێزانەدا، ئێستاش لەگەڵ شۆڕشی کرێکاری وسوسیالیستی مەودایان هەیە.

هیـزە چـەپە رادیکاڵـەکانی ئێـران تـەنیا خوازیـاری رزگـار بـوون لـە دەسـتی دەسـەڵاتی رژێمـی ئیسـلامین، لـە کاتێکـدا کـە کۆمۆنیسـتەکان خوازیـاری شۆڕشـێکی گشـتی نـین بـەڵکوو خوازیـاری شۆڕشی کرێکارین.

ئاکام و شوێنەوارەکانی شۆڕشی ٥٧ دەبێ ئەم دەرس و ئەزموونەی بۆ هیزە چەپ و رادیکاڵەکان وتێکرایان، بە شوێنەوە بێ کە تـەنیا بەپێداگری لەسـەر رووخـانی رژێـم نـاتوانن سـنووری خویـان لەگەڵ رەوتی بورژوایی بە روونی نیشان بدەن.

بەم پێیە ئەگەر تەنیا باس لە رووخانی کۆماری ئیسلامی نییە دەبێ روونـی کەینـەوە کـە هێـزی چینایەتی، شۆڕشێك کە لە پێشمانە، کامەیە؟ هێزی هاندەری ئەم شۆڕشە کامەیە؟

ئەگەر هێزی هاندەری شۆڕشی داهاتوو چینی کرێکارە و باس لە شۆڕشی کریکاری‌یە گرینگرین ئـەرکی ستراتژیکی کۆمۆنیستەکان هینانەمەیدانی چینی کریکارە و هەرلـەم پەیوەندی‌یـەدا دەبـێ هەوڵ بدرێ کە چینی کرێکار بە شێوەیەکی رێکخراو لەگۆڕەپانی سیاسی ئێراندا دەرکەوێ.

دەبـێ نیشـان بـدرێ کـە بزووتنـــەوە کۆمەڵایەتیـەکانی وەك بزووتنـــەوەی ژنـــان، بزووتنـــەوەی کوردسـتان و بزووتنـەوەی خوێنـدکاری هەرکامـەیان لـە روودانـی شـورش چ ئامانجێـك دەپـێکن و هەوڵبـدرێ هـەتا بـە دابـین کردنـی سـتراتیژی و ئاسـۆی سوسیالیسـتی ئـەم بزووتنەوانـە، نەتـەنیا پێشـکەوتن و سـەرکەوتنیان مسـۆگەر بکرێـت بـەڵکوو ئـەوان بکـرێن بـە هاوپـەیمانی سروشـتی و سـتراتیژیکی بزووتنـەوەی کرێکـاری. هـەر بویـە تـەنیا لـە کاتیکـدا کـە سـتراتژی سوسیالیسـتی

وئاسۆی شورشی کرێکاری رۆڵی رێبەری کردنی سەرجەم بزووتنەوەی چەپی ئیران بگێرێ، دەکرێ ئەم هیزە بەرینە کۆمەلایەتیە لە پیناو نەهیشتنی کوسپەکانی سەر رێگای شورشی کریکاری هان بدرێن و یارمەتی بە شکل گرتنی بەرەیەکی رادیکالی سوسیالیستی و کومەلایەتی بدات.

لە هەل و مەرجی ئیستا دا کە بوونی مەیلی سوسیالیستی لە ناو بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی کوردستان و بزووتنەوەی خویندکاری راستی‌یەکی بەرچاوە و بەشداری ئەم بوچوونە کۆمەلایەتیە کە لە سوننەتەکانی چەپی رادیکال دوور کەوتوتەوە، بەردەوام زیاتر خۆی دەردەخات، هەلویست و سیاسەتی سوسیالیستی و کردەوەی ئەم مەیلە لە رووبەروو بوونەوە لەگەلێ گیروگرفت و هەلویستی بە کردەوەی کە لەسەر رێگای بزووتنەوەی کرێکاری وسەرجەم بزووتنەوە کومەلایەتیەکانی تر قەراری گرتوە دەتوانێ رۆلێکی چارەنووس سازی لەسەر هەلویست و پراتیکی سەرجەم رێکخراو و هیزە چەپ و رادیکالەکان هەبێ.

**ماویەتی**